# لەپەیمانگایەكی نەرویجی – كوردی لە سلێمانی
# 52 خوێندكار
# ڕەوشی مافی مرۆڤ دەخوێنن

لە ڕۆژی 2007/2/21 د. شـوان مەحەمـەد عـەزیز وەزیـری مـافی مرۆڤـی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان لـە نوسـینگەی تایبـەتی خـۆی پێـشوازی لـە (لارس پێتـەر) بەڕێوەبـەری پـرۆژەی پێگەیانـدنی خوێنـدكارانی زانكـۆی بیـسكرودی نـەرویجی كـە تایبەتمەنـدە بـە مافـەكانی مـرۆڤ و (سـۆران قـادر) لیپرسراوی ڕێكخراوی (NPA) كەبارەگاكەی لە پارێزگەی سلێمانی-یە كرد.

لەم دیدارەدا وێڕای گفوگۆكردن لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ و چۆنیەتی كاركردن بۆ بەرەو پێشەوە بردنـی ڕەوشەكە لە كوردستان،وەفدی میوان رایگەیاند:

كە ئێستا لە زانكۆی ناوبراو بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێكخراوی (NPA) پەیمانگایەكیان بۆ هۆشیاری مـافی مرۆڤ لە سلێمانی كردۆتەوە و (52) خوێندكاری تیادا دەوامـدەكات و 4 كۆرسـەو دووسـاڵ دەخایـەنێت تـا ئێـستاكە كۆرسـی یەكـەم تـەواوبووە و لـەناو كۆرسـی دووەمـی خوێنـدنـدان ئـەم دەرسـانەی كـەتیادا دەگوترێتەوە زیاتر لایەنی ڕەوشی مافی مرۆڤ و كلتوری فرە رەگەزی و ئیـدارەكردنی ململانێـی ئاشـتیانە و دیمـوكراتیزە كـردن دەگرێتەوە،مامۆسـتایانی ئـەم پەیمانگایـەش بـریتین لـە پـسپۆڕانی نـەرویجی و ئەوروپایی و كورد.

هەروەها ئاماژەشیان بەوەدا كەبەشـدارانی ئـەم پەیمانگایـە لـە كـەركوك و سـلێمانی و هـەولێر و دهـۆك و بەشـەكانی دیكـەی عێـراق هـاتون و بەشـێكی نەفەقـەی خوێنـدن لـەم پەیمانگایـە لەسـەر ئـەركی زانكـۆی سلێمانی بەڕێوەدەچێت

لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ هەموو ئامادەباشیەكی وەزارەتـی خـستەروو بـۆ ئـەم هـەنگاوە پـیرۆزە و بەكارێكی ئیجابیانە و سەركەوتووی وەسفكرد و بەبەشداریيەكی پـڕ بایـەخی لەبـەرەو هۆشـیاركردنەوەی كۆمەڵ بەرەوشی مافی مرۆڤـی لەكوردستان زانیو دووپاتیشیكردەوە كـە ئـەم جـۆرە پـڕۆژانـە بەشـێكە لـە دەوڵەمەندكردنی بواری مەدەنیەت و دیموكراسیەت.